هیلیۆس

**هاوکاری تێکەڵبون بە کۆمەڵگای یۆنانی بۆ سودمەندبوانی مافی پەنابەری و پاراستنی کاتی**

# ڕێنمایی و یاساکانی پرۆژە

**(کاری پێدەکرێت بۆ سوودمەندانی پاراستنی نێودەوڵەتی)**

HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Migration & Asylum

IOM
UN MIGRATION

کانونی دووەم ٢٠٢٤

# هیلیۆس

## پشتگیری تێکەڵبون بە کۆمەڵگای یۆنانی بۆ سودمەندانی پاراستنی نێودەوڵەتی و پاراستنی  کاتی

**هێلیۆس پرۆژەی تێکوڵبونە کە مەبەست پشتگیریکردنە لە سوودمەندانی پاراستنی نێودەوڵەتی (پەنابەران و سوودمەندانی پاراستنی لاوەکی)و پاراستنی کاتی بۆ ،تێکەڵبون لە کۆمەڵگای یۆنانیدا .پرۆژەکە خزمەتگوزاریەکان پێشکەش دەکات بۆ پشتبەستن بە ژیانیکی سەربەخۆ، لەوانە کرێی خانوو، کۆرسەکانی تێکەڵبون پشتگیری کردنی کار و چاودێریکردنی تیکەڵبون.**

هێلیۆس لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران (IOM) و هاوبەشەکانی جێبەجێ دەکرێت و بەشە داراییەکەی لەڕێگەی وەزارەتی کۆچ و پەنابەریەوە دابین دەکرێت

**ماوەی بەرنامەکە**: کانوونی دووەمی 2022 / حوزەیرانی2024[1]

## مەرجەکانی سودمەندبون

بۆ بەژداربون لە پڕۆژەی هیلیۆس بەپێی **هەموو** ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:

1. حاڵەتی یاسایی

دوای وەرگرتنی بڕیاردەربارەی پێدانی مافی پەنابەریی لە دەزگای پەنابەرانی یۆنانی بۆ پێدانی مافی  پەنابەریی پاراستنی نێودەوڵەتی[2]

مافی پەنابەری سیاسی یان پەنابەری مرۆیی) [3]

2. بەرواری مافی پەنابەری لە دوای 1-1-2018

أ. شوێنی مانەوە لەو ساتەوەی کە کە بڕیاری جوابی پەنابەریت وەرگرت

ب. ناوت لە یەکیک لە سیستەمەکانی نیشتەجیبونی یۆنان تۆمارکرابیت (سەنتەری نیشتەجیبونی کراوە ، سەنتەرەکانی پێشوازی و زانیاری ، هۆتیلەکان ،شوقەکانی پرۆژەی (PRO.KE.KA, (ESTIA) هەروەک چۆن تەئکید دەکرێتەوە لە ڕێگەی ئەو لیستانەی کە هاوبەش کراون لەلایەن لایەنە هاوبەشەکانی ئای ئۆ ئێم یان ئەو بەڵگەنامانەی  کە لەلایەن سوودمەندەکانەوە پێشکەشدەکرێن

ت. پەناگە یان بەرنامەی پاراستنی خانووبەرە بەردەستەکان کە لەلایەن دەسەڵاتداران یان ڕێکخراوە ناحکومیەکان پشتگیری دەکرێن (بۆ کەیسەکانی + LGBTQI، ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و ڕەگەزی و قوربانیانی قاچاخچێتی و پلانی ژیانی نیمچە سەربەخۆ بۆ منداڵانی کۆچبەری بێخاوەن UMC) هەروەک لەلایەن نوێنەری پەیوەندیدارە وە پشتڕاستکرایەوە.

ئەو حاڵەتانەی کە مەرجەکانی سەرەوەیان تێدا نیە بەدواداچون دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین لە کاتی سەردان یان پەیوەندیکردن یان هەر ڕێگایەکی تری پەیوەندیکردن بە کارمەندانی هیلیۆسەوە.

## بەژداریکردن

بۆ ئەوەی سودمەند بن لە پڕۆژەی هیلیۆس پێویستە بەڵگەی ناونوسین و بەشداربونەکەتان ئیمزا بکەن کە  کە تێدەگەن و ڕازین بەو ماف و بەرپرسیارێتیەی کە لە بەڵگەی بەشداربونەکەتاندا ئاماژەی پێکراوە بۆ دەستپێکردنی نوسین و بەشداریتان لە پڕۆژەی هیلیۆس.

[1] دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان پەیوەست دەبێت لە هەرسات وکاتێکدا بە بەردەوامی چاوگەی دابینکردنی دارایی .

[2] ئەم زانیاریانە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە کۆدەکرێنەوە لە ڕێگەی بەڵگەنامەکانەوە، چ ئەسڵی بن یان کۆپی کە لەلایەن سوودمەندانەوە پێشکەشکراون و لە دەزگای پەنابەرانەوە پێیان دراوە . جێی سەرنجە ئەو بەڵگانەی کە لەلایەن سوودمەندانەوە هەڵگیراون زۆر جیاوازن بەپێی بەرواری دەرکردن و شوێنی دەزگای پەنابەری و بەرواری پێدانی مافی پەنابەری،  لەحاڵەتێکدا کە بەرواری پێدانیان لەبەردەستدا نەبێ بەهۆی کێشەی تەکنیکی ، ئەوا لەجێی ئەوە بەرواری دەرچوونی بڕیاری پێدانی مافی پاراستنی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنرێت

[3] دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان پەیوەست دەبێت لە هەرسات وکاتێکدا بە بەردەوامی چاوگەی دابینکردنی دارایی.

پێویستە لەسەرهەموو ئەندامێکی بالغی خانەوادەی هەڵبژێردراو کە واژووی ناونوسینەکە بکات لەسر بەڵگەی بەشداربوون لە پڕۆژەی هیلیۆس ، پێکهاتەی خێزان بەم مەرجانەی خوارەوەیە:

- بالغەکان (سەروی ١٨ ساڵ) کە بە تەنیا دەژین .
- ئامۆزا و خوشکەزا و برازا و ئەوانی تر بە بەشێک لە خێزان ناژمێردرێن ئەگەر خێزانێک منداڵی باڵغ لەخۆ بگرێت، ئەوا دەبێت بە جیا لە هێلیۆس تۆمار بکرێت وەک خانەوادەی جیا. ئە مە لە وانە یە هەر یەک لە هاوسەر و منداڵەکان بگرێتەوە ئەگەر هەبن.

سوودمەندانی شیاو بۆ بەشداری کردن لە بەرنامەی هێلیۆس بانگهێشت دەکرێن بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی زانیاری کە دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە بۆ فێربوونی زیاتر دەربارەی پڕۆژەکە و ئەگەر دەیانەوێت بۆ پڕۆژەکە خۆیان تۆمار بکەن دەتوانن بەیاننامەی بەشداریکردن واژۆ بکەن دانیشتنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە ناوەندەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی کراوە، سەنتەری ناسینەوە (RIC) ، سەنتەرەکانی تێکەڵکردن و پەروەردە کە لە ژێر چاودێری هێلیۆس و لە شوێنی تر کار دەکەن، کە لە کاتی پێویستدا سوودمەندان لە لایەن ستافی هێلیۆسەوە ئاگادار دەکرێنەوە.

**ئەتوانم فۆڕمی بەژداریکردن واژو بکەم وە لە دووایدا پەشیمان ببمەوە لە پڕۆژەی هیلیۆس؟**
**بەڵێ، واژۆی بەشداریکردنم ئیجبارم ناکات هیچ کارێک بکەم، بەڵکو دڵنیام دەکاتەوە بۆ ئەوەی سوود لە خزمەتگوزارییەکانی هێلیۆس وەربگرم ، بۆ ئەوەی سوود لەم خزمەتانە وەربگرم، پێویستە پابەند بم بە ڕێنماییەکانی هیلیۆسەوە کە لە خوارەوە باسکراوە.**

**گرنگە! دوا مۆڵەتی بەژداربون :** سودمەندان دەتوانن لە ماوەی ١٢ مانگدا لە ساتی وەرگرتنی بڕیاری مافی پەنابەری – ئەمە بەپێی ماوەی پڕۆژەکە[4]. بۆ نموونە ، ئەو سوودمەندەی کە بڕیاری مافی پەنابەریی وەرگرتوە لە ٢٨ تموزی ٢٠٢٢ ، مۆڵەتی بەژداربونی تەواو دەبێت لە ٢٨ ی تموزی ٢٠٢٣.
سودمەندانی خوار ١٨ ساڵ ( UMC) لە بەرواری وەرگرتنی مافی پەنابەری و باڵغ بونیان مافی تۆمارکردنیان هەیە لە پڕۆژەکە[5]

## ئەو خزمەتگوزاریانەی هیلیۆس پێشکەشی دەکات

### پشتیوانی لەژیانی سەربەخۆ و هاوکاری کرێیی خانوو

سوودمەندانی پرۆژەی هێلیۆس زانیاری و یارمەتی و هاوکاری دارایی وەردەگرن بە مەبەستی پشتگیریکردن و بەرزکردنەوەی ژیانی سەربەخۆ بە تایبەتی، سودمەندانی هێلیۆس یارمەتی دەدرێن بۆ دۆزینەوەی شوقە و ئیمزاکردنی ناوەکانیان لەسەر گرێبەستی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خاوەنی شوقەکە .ئەم پرۆسەیە ئاسانکاری بۆ دەکرێت بە:

- بانگهێشت کردن و دانی زانیاری بە گشتی سەبارەت بەوەی کە چۆن بتوانن خانوو لە وڵاتی یونان بدۆزنەوە.
- وەرگێڕ لەکاتی سەردانیکردنی خانوو یان وەرگێڕانی بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە خانوو.
- ئاسانکاری پەیوەندیکردن لەگەڵ خاوەن شوقە کە ئارەزومەندی بەکرێدانی شوقەیە.
- ڕێککەوتن لەگەڵ سودمەندەکانی تر کە حەزیان لە هاوبەشکردنی شوقەیە.
- گواستنەوەی سودمەندان و شتومەکەکانیان لەکاتی بۆ شوقەی تازە بەکرێگیراو.

ماوەی هەر گرێبەستێکی بەکرێدان مەسەلەی ڕێککەوتنە لەنێوان سوودمەند و خاوەنی خانوکە (بۆ نموونە گرێبەستی کرێ بۆ ماوەی یەک یان دوو یان سێ ساڵ یان بۆ هەر ماوەیەک کە لەنێوان هەردوو لایەنی پەیوەندیداردا ڕێککەوتبێت) ئیمزا بکرێت . هەرچۆنێک بێت ، گرێبەستەکان دەبێت ماوەی شەش (٦) مانگ کەمتر نەبێت و لە ژێر پرۆگرامی هێلیۆس پەسەند کرابێت. سەرەڕای ئەوەش دەبێت ماوەی گرێبەستی بەکرێگرتنەکە هەموو ئەو ماوەیە بگرێتەوە کە سودمەندە کە مافی وەرگرتنی دەرماڵەی کرێی هەیە لە بەرنامەی هێلیۆس ئەگەر ئەم مەرجە لە کاتی پێشکەشکردنی گرێبەستی بەکرێدانەکە نەبێ ، ئەوا دەست دەکرێت بە دانی پارەی کرێ ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە کاتی خۆیدا گرێبەستێکی قبوڵکراوی نوێ پێشکەش بکرێت کە مەرجەکانی سەرەوەی تێدا بێت.

[4] دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان پەیوەست دەبێت لە هەرسات وکاتێکدا بە بەردەوامی چاوگەی دابینکردنی دارایی
[5] دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان پەیوەست دەبێت لە هەرسات وکاتێکدا بە بەردەوامی چاوگەی دابینکردنی دارایی

HELIOS

IOM UN MIGRATION

HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Migration & Asylum

سودمەندانی هێلیۆس توانایان هەیە و هاندراون بۆ ڕەچاوکردنی ڕێکارەکانی پێکەوە ژیان بۆ ئەوەی نرخی کرێکە و هەموو خەرجییە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ هاوڕێ یان خزمدا بەش بکەن ، بۆ وەرگرتنی پارەی کرێ  هەموو لایەنەکانی گرێبەستەکە  کە سوودمەندن لە پرۆژەی هیلیۆس پێویستە بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی گرێبەستەکە لە **تاکسیس تیت TaxisNet ( AAΔE) قبوڵبکەن کەناویان هاتوە.**

ئەو سودمەندانەی هاوکاری کرێ وەردەگرن یان وەرگرتوە لە پرۆژەی تر ناتوانن لە کرێی پرۆژەی هیلیۆس سودمەند بین

**ئایا ئەتوانم نوسخەیەک لە فۆرمی بەژداریم پیشانی خاوەن ماڵ بدەم  بۆ کار ئاسانیم  بۆ واژو کردنی گرێبەستی خانووەکە ؟**
**بەڵێ، هانتان دەدەین کە فۆرمی بەشداریکردن بە خاوەنی خانو نیشان بدەن بۆ ئەوەی ڕوون بێت کە پاڵپشتی دارایی وەردەگرن بۆ دابینکردنی تێچووی کرێی خانو کە هاوڕابون لەسەر گرێبەستەکە.**

لە کاتی واژوکردنی گرێبەستەکە سوودمەندبووان ئەو برە پارەیە کە دانراوە بۆ کرێی خانو دەچێتە سەر حساب بانکی شەخسیەوە بەپێی قەبارەی هەرخانەوادەیەک, هاوکاری کرێ لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

- **بەشداری دەستپێکی ژیانێکی سەربەخۆ** ، پێشبینی لە پارەدانی کرێی یەکەم و گرەنتی و خەرجی ماڵ  (بۆ نمونە  کەلوپەلی ناو ماڵ)
- **بەشداری کردن لە خەرجی کرێ** ، وەرگرتنی کرێی مانگانەت لەسەر ئەساسی  دانی کرێ ی خانو و خەرجە سەرەتاییەکان.

ئەو برە سەرەتاییە برێتییە لە هاوکاریکردن لە دەسپێکردنی ژیانیکی سەربەخۆ و هاوکاری مانگانە بۆ خەرجی کرێ ی خانوو بە دوو قیست بە پێی ئەو خشتانەی خوارەوە کە ئەو برەی بەشداربوان وەریدەگرن  پیشان دەدرێت .ئەو برەی کە بۆ سوودمەندانی پرۆژەکە دانراوە لە خشتەکانی ا و ب ی لە خوارەوە پیشان دەدرێت

خشتەی ا: کارایە لە 1 ی کانوونی دووەم بۆ 19 ی حوزەیرانی 2022

| حەجمی خێزان | قیستی یەکەم لە یەکەم هاوکاری<br>پێکهاتووە لە برێک بۆ بەشداری کردن لە دەستپێکردنی ژیانی سەربەخۆ | قیستی دووەم لە یەکەم هاوکاری<br>ئەو برەی ماوە برێتییە لە بەشداری کردن لە دەستپێکردنی ژیانی سەربەخۆ جگە لە یەکەم مانگی بەشداریکردن لە خەرجی کرێ | هاوکاری کرێی خانوو<br>کرێ لە دوای یەکەم هاوکارییەکان مانگی 2 و دواتر |
|---|---|---|---|
| | ئازاد بوون دوای پێشکەش کردنی گرێبەستی خانوو و بەڵگەی ترسەیری خوارەوە بکە | لەدوای دڵنیابوون لە دەرچونتان لە شوێنێ مانەوەی پێشووتان و پیشاندانی بەڵگەی یەکەم کرێی خاوو | سەلماندن لەسەر بنەمای پارەدانی مانگانەی کرێ ی خانوو |
| 1 | 301 یورو | 301 یورو | 162 یورو |
| 2 | 569.5 یورو | 569.5 یورو | 309 یورو |
| 3 | 688 یورو | 688 یورو | 396 یورو |
| 4بۆ 5 | 838 یورو | 838 یورو | 504 یورو |
| زیاتر لە 6 کەس | 1.060 یورو | 1.060 یورو | 630 یورو |

خشتەی ب : کارایە لە 20 حوزەیران بۆ دواتر

| حەجمی خێزان | قیستی یەکەم لە یەکەم هاوکاری<br>پێکهاتووە لە برێک بۆ بەشداری کردن لە دەستپێکردنی ژیانی سەربەخۆ | قیستی دووەم لە یەکەم هاوکاری<br>ئەو برەی ماوە برێتییە لە بەشداری کردن لە دەستپێکردنی ژیانی سەربەخۆ جگە لە یەکەم مانگی بەشداریکردن لە خەرجی کرێ | هاوکاری کرێی خانوو<br>کرێ لە دوای یەکەم هاوکارییەکان مانگی 2 و دواتر |
|---|---|---|---|
| | ئازاد بوون دوای پێشکەش کردنی گرێبەستی خانوو و بەڵگەی ترسەیری خوارەوە بکە | لەدوای دڵنیابوون لە دەرچونتان لە شوێنێ مانەوەی پێشووتان و پیشاندانی بەڵگەی یەکەم کرێی خاوو | سەلماندن لەسەر بنەمای پارەدانی مانگانەی کرێ ی خانوو |
| 1 | 350 یورو | 350 یورو | 230 یورو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2 | 650 یورو | 650 یورو | 420 یورو |
| 3 | 775 یورو | 775 یورو | 550 یورو |
| 4بۆ 5 | 900 یورو | 900 یورو | 650 یورو |
| زیاتر لە 6 کەس | 1.150 یورو | 1.150 یورو | 800 یورو |

لە ١ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ەوە تا ١٩ ی حوزەیرانی ٢٠٢٢، .سوودمەندان بە کەمترین شەش ٦ مانگ و زۆرترین ١٢ مانگ پشتگیری کرێیان وەردەگرتو دانی نیسبەی مانگانەکان لەسەر بنەمای پێدانی مافی پاراستنی نێودەوڵەتی و بەرواری پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان بوو ئەو خێزانانەی کە بەڵگەنامەیان پێشکەش کردوە ی هاوکاری کرێی ٦ مانگیان وەرگرتوە لە پێش ٢٠ ی ٦ ی ٢٠٢٢ وە ئەوا بە کەمکردنەوەی بڕی ئەوچەند مانگە و وەرگرتنی ئەو بڕەی کە ماوە.

ئەو سوودمەندانەی کە لە پێش ٢٠ ی حوزەیرانی٢٠٢٢ دا کرێ مانگانە وەردەگرن ئەوا لە دوای ٢٠ ی حوزەیرانی ٢٠٢٢وە بەدرێژایی ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەو بونی بەڵگەنامەی پێویست مافی وەرگرتنی ١٢ مانگ کرێی مانگانەیان هەیە.[6]

**نمونە**: خێزانێکی چوار کەسی کە مافی پەنابەری هەیە لە 2022/08/1. پێشکەشیان بە کارمەندانی هیلیۆس کردوە نوسخەیەک لە TaxisNet بۆ گرێبەستی خانو لە بەرواری 2022/09/1 ، لەگەڵ هەمو ئەو بەڵگانەی تر کا داواکراون ، چۆتە سەر حسابی IBAN ی تایبەت بەو قیسری یەکەم بەبڕی **900،00** € بەردەوامن لە مانەوەیان لە شوێنی میوانداری پێشوو. لەدوای وەرگرتنی ئەو مەبلەغە ، ئەبێ فەوری شوێنی مانەوەکەیان چۆڵبکەن ، ئەگەر بیانەوێت سودمەند بن لە یارمەتی گواستنەوەی هیلیۆس ، و گواستنەوەیان بۆ خانوە تازەکە. لە کاتی چۆڵکردنی خانوی پێشو ، پێویستە ملسەر ئەو خێزانە بەڵگەی دەرچون لە کەسی تایبەت وەربگرن بۆ نمونە ، بەڕێوەبەری شوێن ، هاوبەشی ESTIA ودانی بە کارمەندانی هیلیۆس، لەکاتی دانی بەڵگەی دەرچون بە کارمەندانی هیلیۆس ، هەروەها خێزانەکە دەبێت لە پاکێجی بەرنامەدا بەڵگەی بانکێک بخاتە بەردەست کە مامەڵە/پارەدان بۆ حسابی خاوەن IBAN خانو بسەلمێنێت بۆ کرێی مانگانەی خانو. لەکاتی دانی بروانامەی دەرچوون و سەلماندنی پارەدان کە ئاماژەی پێکراوە ، هیلیۆس هەڵدەستێت بەدانی قیستی دوەم لە پارەدانی سەرەتاییەوە بۆ ژمارە حساب ئای بان ی خێزانەکە ، مەبلەغی **900،00** یۆرۆ ، کەبریتی یە لەو بڕەی کە دابینکراوە بۆ دەستکردن بەژیانێکی سەربەخۆ و یەکەم کرێی مانگانە. لەو ساتەوە بۆ دوا ، خێزانەکە ئەگەر مانگی جارێک بەڵگەی کرێی خانو پێشکەش بکات ، هیلیۆس هەڵدەستێت بە دانی بڕی **650،00** یۆرۆ مانگانە ، بەمەرجێک داواکارییەکانیان لەڕووی بەشداریکردن لەخولەکانی تێکەڵبون جێبەجێکرابێت. کۆی گشتی ، ئەوان بە دەستی دێنن 11 مانگ کرێی مانگانەی خانو ، لەبیرتان بێت کە لەگەڵ وەرگرتنی یەکەم کرێی خانو قستی دوەمیش لەخۆ دەگرێت ، خێزانەکە وەریدەگرێت نزیکەی **8.950،00** یۆرۆ لە تەواوی ماوەی بەژداربونەکەیان لە هیلیۆس

سوودمەندان کاتیان هەیە ماوەی **12 مانگ** .کە لە بەرواری ئاگادارکردنەوەکەیانەوە دەست پێدەکات بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەنامە پێویستەکان بە نسبەت سودمەندە ناونوسکراوەکان لە پرۆژە سەرەڕای ئەوەی کە پێوەرەکانی هەڵبژاردن بۆ بەژداربون دوای هەڵسەنگاندنی خوازیار، هەروەها بۆ کەیسە تایبەتەکانی سودمەندانی ژێر پاراستنی نێودەوڵەتیی بەپێی یاسای پەیوەست لەکاتێکدا ئەوان خوار هەژدەساڵی بێ سەرپەرشتن دوا وادەی پێشکەش کردنی بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ پرۆژەکە لە ماوەی دوازدە ١٢ مانگ لە بەرواری تۆمارکردن بۆ پرۆژەکە دیاری دەکرێت. .ئەگەر سودمەندەکان شکست بهێنن لەم وادەیە ئەوا مافیان بۆ وەرگرتنی کرێی خانو دەوەستێت.

<u>بۆ وەرگرتنی یەکەم بەشە پارەی سەرەتایی کرێی خانوو لە هێلیۆس، پێویستە سودمەندان هەموو ئەو پێشمەرجانەی خوارەوەیان هەبێت:</u>

1. دەبێت ناوی لە هیلیۆس تۆمارکرابیت بە واژۆکردنی فۆرمی بەشداریکردن
2. دابینکردنی ستافی هیلیۆس لەگەڵ:

أ. دەبێت گرێبەستی خانووەکە لە ڕێگەی ***Taxisnet*** تاکسیسنێتەوە کە سایتێکی ئەلیکترۆنی گشت **AADE یە** دەربیخەن و بیسەلمێنن بە گشتی لەلایەن هەموو تەرەفەکانەوە قبوولکرابێت و گرێبەستی خانوو دەبیت لایەنی کەم بۆ ٦ مانگ سەرووتر بێت ئەگینا وەرناگیرێت ، گرێبەستی خانوو قبۆڵناکرێت لەگەڵ بەرواری دەستپێکردن کەمتر لە ٢ مانگ لە بەژداریکردنی سودمەند .

ب. هەموو ئەندامانی خێزان دەبێ بەبەڵگە پیشانی بدەن کە خاوەنی مافی پەنابەرین وەکو ئۆزڤایز کە مۆری لە سەر بێت یان مافی مانەوە و بریاری مانەوە لە یۆنان.

ج. پێشکەشکردنی بەڵگەنامەك کە دەری بخات حساپ بانکەکە لە سەر ناوی خۆتە وە بانکێك بێت لە یونان هەر وەك دیارە لەم ڕێگەیەوە ئەو برەپارەیە کە بۆ کرێی خانو دانراوە وەری دەگرێت ؛ ئەو بەڵگە نامەیە دەبێت حسابی بانکەکەت دەربخات (IBAN) وە ناوی هەموو سەرپەرشتیاری خێزانێك وە هەموو ئەندامانی خێزانێك کە لە سەروی ١٨ ساڵەوەن لە گرێبەستەکە دا دیاربێت. **ناتوانرێت کارتی ئێستیا واتا کارتی یوئین بۆ وەرگرتنی هاوکاری مانگانەی کرێ بەکاربهێنریت .**

د.پێشکەش کردنی بەڵگەنامەك کە بە ڕونی حساب بانکی ئای بان ی خاوەن خانو تێدا دیار بێت وەکو چۆن لە گرێبەستەکەدا ناوی هاتووە

6 دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان پەیوەست دەبێت لە هەرسات وکاتێکدا بە بەردەوامی چاوگەی دابینکردنی دارایی

HELIOS

IOM UN MIGRATION

HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Migration & Asylum

**گرنگ: لە گەڵ وەرگرتنی یەکەم کرێ ئەبێت ڕاستەوخۆ لە شوێنی مانەوەی پێشوت بڕۆیت وە گواستنەوەت بۆئەو خانووە تازەیەی کە گرتوتە بە هاوکاری بەرنامەی هیلیۆس وە بە پێچەوانەوە ئەوا بێبەش دەبی لە هەمو مافێک و ناتوانی جارێکی تر ناو لەم بەرنامەیە تۆمار بکەیتەوە.**

وەرگرتنی قستی دووەمی کرێی خانوو پەیوەستە بە:

1. بەڵگەی ڕەسمی دەرچوون لە شوێنی مانەوەی پێشوت لەلایەن کەسی تایبەت بەوشوێنە و پێشکەشکردنی بە کارمەندانی / هێڵی هاوکاری هیلیۆس
2. گەیشتنی ئەندامانی خێزانەکەت بەسەرکەوتویی بە شوێنی بەکرێگرتووی تازە
3. وەسڵی ڕەسمی بانک کە دانی کرێی خانو بسەلمێنێت بە حیسابی ئای بانی خاوەنی خانووەکە واتا کرێی یەکەمی خانو.

بۆ وەرگرتنی یارمەتی مانگانە، پێویستە سوودمەندان

1. لە بنەڕەتدا تەسلیم بە کارمەندانی هیلیۆس بکرێت وەسڵی دانی کرێ لەڕێی ئەو ژمارە حیسابە ئای بان ەی خاوەن خانو کە تۆمارکراوە کە وەکو بەڵگەی دانی کرێ حساب بکرێ ئەمانەن:
(أ) سەلماندنی وەسڵی پارەدان لەڕێگەی کارمەندی بانقەوە بە ئاماژە پێدانی ناوو نازناوی بەشداربوو و ناوو نازناوی خاوەنی خانوو وو ژمارەی گرێبەستی خانووەکە.
(ب) لەحاڵەتی دانی کرێی خانوو لەڕێگەی ئەلکترۆنیەوە ئەوا دەبێت ناوو نازناوی خاوەنی خانوو و ژمارەی گرێبەستەکە دیار بێت.

2. هەموو مانگیک پێشکەشکردنی نوسخەیەکی کارای تاکسیس نێت لە گرێبەستی کرێ.
3. بەشداریکردن  لە وانە ئیجباریەکانی تێکەڵبون بە مەرجێك غیابەکان لە سەروی ئەو ماوە دیاری کراوە تێپەڕ نەکات کە بۆی دانراوە ئەگەر پێویست بکات.

ئەگەر سودمەنبووان سەرکەوتوو نەبون لە پێشکەشکردنی وەسڵی کرێی خانو بە کارمەندانی  هیلیۆس مانگانە ئەوا ڕاستەخۆ مافی وەرگرتنی کرێی خانویان نامێنێت

**گرنگ: دانی پارە بە کاش بە خاوەن خانوو قبوڵکراو نیە**

ئای ئۆ ئێم مافی ئەوەی هەیە سەردان ڕێکبخات بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و دەستتێوەردان بکات لە بڕینی هاوکاری دارایی نیشتەجێبوون لە هەرکات و ساتێکی بەشداربونمان لە پرۆژەکەدا کە داواکاریە بەدواداچونە ناوخۆییەکان جێبەجێناکرێن

## دابینکردنی خولەکانی تێکەڵبون

لە بەرنامەی هیلیۆس کە وانە ئیجباریەکانی تێکەڵبون دەگوترێنەوە لە چەند بنکەیەکی جیاواز لە هەموو وڵاتی یونان و لە دورگەی کریتی کە لە وانەکانی تێکەڵبون پێکهاتوون لە ٣٦٠ کاتژمێر وە ئەم وانانە بۆ ماوەی شەش ٦ مانگ وە ٥ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا وە لە ڕۆژێکدا ٣ کاتژمێرئەم وانانە دەخوێندرێن وە هەروە ها بنکەکانی وانە خوندن و تێکەڵبوون کراوەن بۆ ئەوانەی کە لە سەرووی ١٦ ساڵەوەن کە ناویان تۆمار کردووە لە بەرنامەی هیلیۆس وە وانە خوێندن ئجبارییە بەتایبەتی بۆ ئەو بەشداربوانەی کە هاوکاری مانگانەی خانو وەردەگرن .

بۆ ئەوەی کە ئەو خێزانانەی وانە دەخوێنن هیچ کێشەو گرفتێکیان توش نەبێت وە ئاگاتان لە منداڵەکانتان بێت بە پێی پێویست ئەوا لە بنکەی وانە خوێندن و تێکەڵبون وانەکان کراون بە ٣ بەشەوە بەیانیان ، نیوەڕوان وە ئێواران وە شوێنی تایبەتی هەیە و ئامادە کراوە بۆ ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی ٢ تا ٧ ساڵانن کە لەو کاتەدا دایک و باوك وانە دەخوێنن .

بە دیاریکراویی ، کۆرسەکانی زمان لەم یەکەیانەی خوارەوە پێک دێت :

- **بەشی زمانی یونانی**: بە شێوەیەکی گشتی ٢٨٠ کاتژمێرە سودمەندبوان فێری بنەما سەرەکییەکانی زمانی یونانی دەکرێن لە لایەن فێرکارەوە بە بێ بوونی هیچ وەرگێڕێك وە پۆلەکان ڕێك خراون بەگوێرەی ئاستی خوندەواری و ئاستی سودمەندبووان.
- **بەشی کارامەیی تاک** : بۆ ماوەی ٨٠ کاتژمێر:سودمەندبووان بەژداری کۆمەڵێك کۆرس دەکەن کە پەیوەندی بە کلتورو شێوازی ژیان و ئیشەوە هەیە وە ئامادەکاریەکان لە لایەن مامۆستای بە ئەزمونەوە بە ئامادەبونی وەرگێر و .جالاکی دەرەوە لە خۆ دەگرێت بۆنمونە.سەردانی کردنی مۆزەخانەکان کە ئەمە بەشێکە لە وانەکان .ئەمە دەرفەتی ئەوە بە سودمەندبووان دەدات لە بووارە جیا جیا کاندا سودی لێ ببینن، بەشەکان لەمانەی خووارەوە پێك دێت:
  - ئاراستە کلتوریەکان: چەمکەکانی پەیوەست بە کەلتووری یۆنانی و مێژوو و داب و نەریت و نەریتە هاوچەرخەکان ؛
  - کارامەیی ڕۆژانە: بەرپرسیارێتی خودی خۆت و کۆمەڵگا، بابەتە گرنگ و پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانی سودمەند بووان لە وڵاتی یونان بۆ نمونە.جۆنێتی بەکارهێنانی هۆکارەکانی گوواستنەوە،جۆنێتی دروستکردنی حساب هەژماری بانکی وە بۆ هەر پێویستیەك کە سەردانی دامو دەزگا گشتیەکان بکەیت
  - ئامادەکاری بۆ کار: زانیاری وەرگرتن سەبارەت بە جۆنێتی گەڕان بۆ ئیش و کار لە سەرجاوە جیاوازەکان،وە کو کار دۆزینەوە لە دەزگای کار (OAED) ، ئینتێرنیت ، وە ڕۆژنامەکان ، هەروەها ئامادەکردن و زانیاری سەبارەت بە چۆنێتی دروسکردنی سیڤی و ڕۆژی جاوپێکەوتن بۆ ئیش و کار) و تواناى پەیوەندی کردن وەجارەسەرکردنی کێشەکان و کارکردن بە کۆمەڵ و تووانا کەسیەکان.

**ئەگەر وانەکانم تەواو کرد بڕوانامەی زمانی یونانیم پێدەدرێت؟**
بەپێی ئاستی خۆت مامۆستاکەت تواناکانت هەڵ ئەسەنگێنێت وە ئەتنێرێت بۆ جەند تاقی کردنەوەیەکی ڕەسمی بۆ بە دەست هێنانی بڕوانامە لە زمانی یونانیدا تێجوی تاقیکردنەوەکە لە لایەن بەرنامەکەوە دابین دەکرێت

بۆ ئەوەی کە ناو تۆمار بکەن لە وانەکانی تێکەڵبون ئەبێت هەموو ئەم خاڵانەی خوارەوەت تێدابێت:

1. **ناوی خۆت تۆمار بکەیت وە فۆرمی بەژداریکردن واژو بکەیت**.
2. لە سەرو١٦ ساڵەوە بیت.

ئامادەبوون لە کۆرسەکان بۆ هەموو سودمەندەکان کە پارەی کرێ وەردەگرن بە زۆرەملێیە جگە لەو کەسانەی کە لە پرۆگرامە فەرمیەکانی پەروەردەدا تۆمار کراون وەک .قوتابخانە گشتی و زانکۆ گشتیەکان .کۆرسەکانی تێکەڵبون پێشکەش دەکرێن یان لە نزیکەوە یان لە ڕێگەی پلاتفۆرمی فێربوونی ئەلیکترۆنیەوە

پابەندبوون بەخولەکانی تێکەڵبون دەتوانرێت زیادبکرێت بەشێوەیەکی دایمی **(لێخۆشبوون) یان کاتی (وەستاندن) لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی گونجاو لەلایەن ستافی پرۆژەکەوە**

ئەو سوودمەندانەی کەناچارنین ئامادەیی خولەکان بن دەتوانن وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا وە لە ماوەی ١٢ مانگ لە ناوتۆمارکردنیان لەپرۆژەکە دەتوانن خۆبەخشانە .ناو تۆمار بکەن لە خولەکانی تێکەڵبون

**گرنگ:** پێویستە سودمەندان کە پارەی کرێ وەردەگرن دەبێت لە سەنتەری پەروەردەیی تێکەڵبون کار لە ماوەی ١٠ ڕۆژی کارکردندا ناوا تۆمار بکەن بۆ کۆرسەکانی تێکەڵبون کە لە وەرگرتنی قستی دوەمی یەکەم هاوکارییەوە دەستپێدەکات .ئەگەر سودمەندان پابەندی ئەو داواکارییە نەبن ئەوا کرێی پارەدانەکان ڕادەگیرێت و ئەگەر لە کۆتاییدا لە کاتی خۆیدا بۆ خولەکانی تێکەڵبون ناو تۆمار نەکەن، ئەوا لە پرۆژەی هێلیۆس بێبەش دەکرێن.

ئەگەر بەشدارِبوو لە بنکەی کۆرسەکان ئامادەبوو ئاوا تاقیکردنەوەیەکیان پێ دەکرێت بۆ دیاریکردنی ئاستی سودمەندبووان وە دانانیان لەو پۆل و بەشانەی کە لەگەڵ ئاستی خۆیاندا ئەگونجێت.

سودمەندان مافی ئەوەیان هەیە هەندێ غیاباتی بێ هۆکاریان هەبێت یان بەهۆی هۆکارێکەوە غیاب بن، مافی ٧٢ کاتژمێریان هەیە، وردەکارییەکانی ئەمە بەڕوونی لە ڕێبەری خوێندکاراندا پیشان دەدرێت، کە سودمەندان لە کاتی ناونووسین لە کۆرسی تێکەڵبوندا وەریدەگرن

ئەو سودمەندانەی کە لەوانەکانی تێکەڵبوون ئامادە نەبن وزیاتر لە ٧٢ کاتژمێربە هۆکاری وەکوداخل بوون لە نەخۆشخانە ئەوا لەو کاتەدا دەتوانن دووبارە ناوی خۆیان بنوسنەوە بەڵام لەم حاڵەتەدا کارمەندانی پرۆژەی هیلیۆس هەڵدەستن بە بڕیاردان ئەگەر بەشداربوو دەتوانێ دووبارە بەشداری بکات یان نا لە کۆرسەکان یان ئەگەر بتوانرێت ناونوس بکرێتەوە لەو پۆلانەی کە لەوکاتەدا دەرس دەخوێنن بۆئەوەی دووبارە سودمەند بن لە هاوکاریەکانی پرۆژە

**چی ڕوودەدات ئەگەر ژمارەی کاتژمێرەکانی غیاب تێپەڕێنم ؟**
به شێوەیەکی گشتی ئەو سودمەندبووانی کە ٧٢ کاتژمێر لە ٦ مانگدا وە ئامادە نەبوون ٦ کاتژمێر لە مانگێکدا ئەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخو بێبەش ئەبن لە هەموو هاوکاریەکانی بەرنامەی هیلیۆس وە خێزانەکان ئەگەر ئەدامێك لە ناو خێزانێکدا ئامادە نەبێت بە پێی ئەو ماوە دیاری کراوەی کە دانراوە ئەوە بە شێوەی تاکەکەسی بێبەش ئەبێت لە هەموو هاوکاریەکانی ئەم بەرنامەیە وە لە هەمان کاتدا مافی وەرگرتنی کرێی خانووی نامێنێت وە هەر ئەندامێکی نا و خێزان ئامادە نەبێت وە بە تێپەڕاندنی ئەو ماوە دیاری کراوە ئەوە ئەو بڕە پارەیە لە خێزانەکە ئەبڕدرێت.

## دانیشتن بۆ ڕاوێژی ئیشکردن و ئەو چالاکیانەی پەیوەستن بەکارکردنەوە

ئەو سوودمەندبووانی ناویان تۆمارکردووە لە بەرنامەی هیلیۆس ئەم هەلەیان هەیە کە لەم خزمەت گوزاریە کەڵک وەربگرن .وە هاریکاری بکرێن وە فێری ئەوە بین کە جۆن بەدووای هەلی کاردا بگەرێن لە بازاڕی کاری یونان و زانیاری زیاتریان دەست بکەوێ دەرباری پرۆفایلی کاری خۆیان .لەم چوارچێوەیەدا .ئەم دەرفەتە ئەخرێتە بەردەستی سوودمەندبووابی بەرنامەی هیلیۆس وە کۆبوونەوەو جاو بێکەوتنتان لە گەڵ ئەنجام دەدرێت ٥ جار بە شێوەی تاکە کەسی لە گەڵ بسپۆڕانی بوواری کار بۆ کێشانی نەخشە ڕێگایەك بۆ گەشە سەندن لە بوواری ئیش و کار وە هەموو جارێك نزیکەی ١ کاتژمێری پێدەجێت لەم کاتژمێرەدا لە لایەن پسپۆڕانی بوواری کارەوە سوودمەندبووان هەڵدەسەنگێنرێین بۆ ئەوەی بۆ هەلێکی کار زانیاری وەر بگرین بە گوویرەی توواناکانی خۆیان.

کۆبەنەوەکان بە شێوەیەکی تاکە کەس دەکرێت لە سەنتەرەکانی تێکەڵبون یان لەڕێگەی پەیوەندیکردنەوە و ماوەو کاتی تایبەتی بۆ دائەنرێت بۆ جاوبێکەوتن وە ئەم کۆبوونەوانە بە شێوەیەکی گشتی ئیجباریە ئەگەر تەنیا کۆبونەوەیەکیش بێت و ئەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن بۆ جەند جالاکییەکو هەلی کار دۆزینەوە وە هەروەها هەر سوودمەندێك شارەزایی لە کارێکدا هەبێت بۆ نموونە مۆڵەتی شۆفێری هەبێت یاخوود شەهادەی ئینتەرنێت یاخود زانینی زمانێکی جیاواز وە ئەمانە ئەتوانن لە لایەن بەرنامەکەوە بشتڕاست بکرێنەوە .وە هەلی کاریان زیاتر بێت وە بۆ هەر خەرجیەك کە بەیوەندی بە گەڕان بە دووای کاردا وە هەربەڵگەنامەك بێت بۆ نموونە وەرگێڕانی شەهادە یاخود هەربەڵگەنامەکی خەستەخانە بەرنامەی هیلیۆس ئەمانە هەمووی لە ئەستۆی خۆ دەگرێت وە لە لایەن کارمەندانی بەرنامەی هیلیۆسەوە ئەناسرێن ئەو بەڵگانە .وە هەڵبژاردنی سوودمەندبووان لەکاتی کۆبوونەکاندا ئەبیت لە لایەن پسپۆڕانی بوواری ئیش وکارەوەبێت بۆ بەشداریکردن لە بەدەستهێنانی ئەم خزمەتە.

**ئایا کارمەندانی ئیلیوس ئیش کار بۆ من ئەدۆزنەوە ؟**
**نەخێر** ، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە کارمەندانی هیلیوس هاریکاری پێشکەش دەکەن وە کارئاسانیت بۆ دەکەن بۆ تێکەڵبون و کار دۆزینەوە وە ئەمەش یارمەتیت ئەدات کە جۆن بگەڕێیت بە دووای کاردا لە وڵاتی یونان.

بۆ ئەوەی سودمەندبن لە و خزمەتانەی کە پەیوستن بە کارەوە دەبێت ناونوس کرابن لە پرۆژەی هیلیۆس و بەڵگەی ناونوسینەکەتان ئیمزا کردبێت

HELIOS | IOM UN MIGRATION | HELLENIC REPUBLIC Ministry of Migration & Asylum

## چاودێری تێکەڵبون و فێربون

سودمەندانی هێلیۆس لە لایەن تیمەکانی چاودێری تێکەڵکردنی تەرخانکراو کە پێکهاتوون لە زانایانی کۆمەڵایەتی و وەرگێرەکان کە بەرپرسیارن لە چاودێریکردنی پێشکەوتنی یەکخستن و پشتگیریکردنیان لەگەڵ هەر پێداویستییەکی پەیوەست بە یەکخستنەوە بە درێژایی ئەم پرۆسەیە، سوودمەندان پشتگیری دەکرێن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ کۆمەڵگا ، ئاشنا دەبن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ڕێکارە ئیدارییەکان و لە یۆنان.

بەتایبەت،لە لایەن کارمەندان و پسپۆڕانی ئە بەرنامەیە بانگهێشت دەکرێن و جاوپێکەوتدنتان لە گەڵ دەکەن بۆ ئەوەی بۆ تێکەڵبوونتان بە کۆمەڵگا جەند هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکرێت وە تا جرادەیەك بەیوەستبوون بە کۆمەڵگاوە .وە لە هەمانکاتدا ریگەچارەتان بۆ دەدۆزرێتەوە لە کێشەکانی ڕۆژانە تایبەت بە کۆمەڵگا وە هەروەها سوودمەندبووان داوایان لێ دەکرێت کە وتوویژ بکەن کە تا چ ڕادەیەك هاریکاریەکانی هیلیۆس یاریدەدەرە بۆیان ،وە بانگ هێشت دەکرێن بۆئەوەی گفتوگۆیان لە گەڵدا بکرێت تا ئاستی وانەکانیان بزانرێت وە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت لەبەر ئەوەی پاش ماوەی دیاریکراوی بەرنامەکە بە شێوەکی سەربەخۆ بژین

**ئایا کارمەندانی ئەم پەرنامەیە هاوەڵیم دەکەن ئەگەر کارێکم هەبێت لە دەزگایەکی حوکمی ؟**
**نەخێر**، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە کارمەندەکانمان هەموو زانیارییەکی تایبەت کە پەیوەندی هەبێت بە دزگا حوکمییەکانی یونانەوە پێتان ئەدرێت وە پێشکەشتانی ئەکەن .

چاوپێکەوتنی بەشداربوان لە لایەن کارمەندان و پسپۆڕانی بەرنامەکە لە سەنتەرەکانی تێکەڵبون یان لەڕ ڕێی پەیوەنیکردنەوە بە پێی پێویست کە ڕێزلێگیراوە لەلایەن کارمەندانی هیلیۆسەوە بۆ ئەوەی کە سوودمەندبووان چەندێك پێویستیانە هاریکاری بکرێن لە لایەن کارمەندانی بەرنامەی هیلیۆس لەکاتی ئەو کۆبوونەوەوچاوپیکەوتنانەدا سوودمەندبووان ئەتوانن ئەو کێشانە کە ڕووبەڕویان ئەبێتەوە لە کۆمەڵگا باسی بکەن وە دوایان لێدەکرێت بە شێوەیەکی گشتی هاریکاریەکانی ئەم بەرنامەیە تا چ ڕادەیەك، .یاریدەدەریان بووە بۆ تێکەڵبوونیان لە کۆمەڵگادا

## بێبەریکردن لە هەموو خزمەتگوزاریەکانی پڕۆژە

ئەگەر سودمەندەکە ڕووداوی ئەمنیی جدی دروست بکات، ئەوا دەبێتە دەستبەجێ سڕینەوەی لە هەموو خزمەتگوزارییەکان ، کارمەندانی پروژەی هیلیۆس ئامادەیی یارمەتی دانی سودمەندەکانن کە لە پروژە هلیۆس سودمەندن و ئەوەش پێویستی بە هاریکاری هەر دوو لا و هەماهەنگی هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش

❖

زانیاری زیاتر لە بەرنامەی هیلیۆس ئەتوانیت یەکسەر پەیوەدیمان پێوە بکەیت
- **iom_helios_info@iom.int. لە ڕێگەی ئەم ئیمێڵەوە**
- لە کاتژمێر ۹ سەر لە بەیانی هەتا ۳ پاش نیوەڕۆیاخود لە ڕێگەی WhatsAppواتساپ

**یوەندیمان پێوەبکەن :**
سۆرانی،کرمانجی،تورکی **+30 690 695 6107** -- عەرەبی**+ 30 690 665 6134**
ئۆکرانی،ڕۆسی ئنگلیزی-**30 690 986 8980+**پاشتۆ-فارسی،ئوردو،هندی،بەنجابی **+30 690 665 6125**
- یونانی،فەڕەنسی

**بەرپرسیارێتی**: لە حاڵەتی لە یەکنەچونی پەراوی ئینگلیزی لە پەراوە وەرگێردراوەکان بۆ زمانەکانی تر ئەوا بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە یان پەراوە .ئینگلیزیەکە کەڕەسمیە